Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090308

# میتائەركی ئەزموونی لای شێركۆ بێكەس و سەید عەلی ساڵەحی
## (توێژینەوەیەكی بەراودكارییە )

سەروەر سەعدوڵلا ساڵەح

بەشی كوردی// كۆلێژی پەروەردە و زمان/ زانكۆی چەرموو

كۆیان هەژار عەلی

كۆلێژی پزیشكی/ زانكۆی گەرمیان

سەلام خەسرەو شەریف

بەشی زمانی فارسی/كۆلێژی زمان/ زانكۆی سلێمانی

*Article Info*

Received: April ,2022
Accepted : June,2022
Published :September ,2022

*Keywords*

تیۆری ڕێزمانی پێڕەوبەندی ئەركی، میتائەركی ئەزموونی، كردە.

Corresponding Author

sarwar.sadulla@charmouniversity.org
koyan.Hazhar@garmian.edu.krd.
salam.khasraw@univsul.edu.iq

**پوختە**

ناونیشانی توێژینەوەكە (میتائەركی ئەزموونی لای شێركۆ بێكەس و سەید عەلی ساڵەحی)یە، لەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە هەردوو دەقە شیعری "حەوت پەڕەسێلكەی ئێوارەیەكی كەركوك" ی شێركۆ بێكەس و"با تو تا آخرین دنیا خواهم آمد" ی سەید عەلی ساڵەحی، لەسەر بنەمای تیۆری ڕێزمانی پێرەوبەندی ئەركی هاڵیدای بخرێنەڕوو و شیبكرێنەوە. ئامانج لە نووسینی توێژینەوەكەش بەراودكردن و شیكاركردنی زمانی شیعریی هەردوو شاعیری ناوبراوە و ئەنجامی بەدەستهاتووی توێژینەوەكەش ئەوە نیشاندەدات شاعیران سەركەوتووانە پەیڕەوی میتائەركی ئەزموونیان كردووە و زیرەكانە توانیویانە گوزارشت لە جیهانی ناوەوە و دەرەوەی خۆیان بكەن.

**پێشەکی:**

هەر لە کۆنەوە ئافرەت و جوانی هاوشان و هاوتەریبی یەکترن و بە بەردەوامی

ناونیشانی توێژینەوەکە ( میتائەرکی ئەزموونی لای شێرکۆ بێکەس و سەید عەلی ساڵەحی)یە، کە هەوڵێکە بۆ شیکارکردن و بەراودکردنی زمانی شیعریی هەردوو شاعیری ناوبراو لەسەر بنەمای تیۆری ڕێزمانی پێڕەوبەندی ئەرکی هاڵیدای. ئەم توێژینەوەیە بەپێی ڕێبازی (وەسفی- شیکاری) ئەنجامدراوە، لە پێشەکییەك و دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ خستنەڕو و ناساندنی تیۆری ڕێزمانی پێڕەوبەندی ئەرکی، بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ شیکارکردن و بەراودکردنی دوو دەقی شیعریی شاعیرانی ناوبراو، بەپێی میتائەرکی ئەزموونی. لە کۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

مەبەستی سەرەکمان لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بە شێوەیەکی ورد و زانستی زمانی شیعریی، بەپێی تیۆری ئەرکی بخەینە ژێر بابەتی شیکارکردن و لێکۆڵینەوەوە، چونکە لە زمانی کوردیدا زۆر کەم ئاوڕی لێدراوەتەوە.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:**

بێگومان هەموو توێژەرێك لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەدا، ڕووبەڕووی هەندێك ئاستەنگ و گرفت دەبێتەوە،کە ئەمەش دیاردەیەکی ئاسایی و سروشتییە. ئێمە لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەماندا هەندێك لە زاراوە و چەمکەکانمان لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە، کە ئەمەیش کاتی ویست بۆ ساغکردنەوە و یەکلاکردنەوەی لایەنی زانستیان.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ڕێبازی توێژینەوەکە (وەسفی- شیکاری)یە، هەوڵدراوە بەپێی ئەم ڕێبازە شیکردنەوە و خوێندنەوە بۆ دەقە شیعرییەکان بکرێت.

**سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری توێژینەوەکە نەخشاندن و بیاتنانی میتائەرکی ئەزمونییە لە دەقە شیعری (حەوت پەرەسێلکەی ئێوارەیەکی کەرکوك" ی دیوانی (تەون) ی شێرکۆ بێکەس و (با تو تا آخرین دنیا خواهم آمد" ی کۆمەڵە شیعری سەید عەلی ساڵەحییدا.

**ناوەڕۆك و پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، کە بریتین لە:

بەشی یەکەم: تەرخانکراوە بۆ کورتەیەك دەربارەی تیۆری ئەرکی، میتائەرك و جۆرەکانی، میتائەرکی ئەزموونی.

بەشی دووەم: تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوە و بەراودکردنی هەر دوو دەقی شیعریی (حەوت پەرەسێلکەی ئێوارەیەکی کەرکوك) و (با تو تا آخرین دنیا خواهم آمد).

**بەشی یەکەم، تیۆری ڕێزمانی پێڕەوبەندی ئەرکی هاڵیدای:**

**یەکەم: کورتەیەك دەربارەی تیۆری ئەرکی:**

دەستکەوتەکانی ولیام جونز لە ساڵی (١٧٨٧) دەربارەی نزیکی و پەیوەندی نێوان زمانەکان و بەتایبەت دەقە یاساییەکانی زمانی هندی، واتە سانسکریتی لەگەڵ یۆنانی و لاتین و لە ئەنجامی ئەوەدا، خستنەڕووی دیدگایەکی نوێی هاوبەش بۆ ئەو زمانانە، سەرئەنجام ئەم بیرۆکەیە بوو بە بناغەدارێژی کۆمەڵەی زمانە هیندۆئەوروپییەکان، بە ناوی هیندۆئەوروپای. ئەمە بە یەکەمین شۆڕشی زمانناسی دادەنرێت، هەرچی شۆڕشی دووەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی ئەندێشە و چەمکە بونیادگەرییەکانی سوسێر کە لە سەدەی بیستەم پەیوەست بە زمان دایڕشت. ڕوونە کە ئەم ڕێبازە بوو بە هەوێنی لەدایکبوونی چەندین ڕێباز و تیۆری زمانناسی، سێیەمین شۆڕش، لەسەر دەستی چۆمسکی بە بڵاوکردنەوەی کتێبی (بونیادە ڕێزمانییەکان) دەستیپێکرد. (سرور سعدالله صالح، ١٣٩٨: ٢١). دوابەدوای ئەم سێ شۆڕشە دەکرێت ئاماژە بە شۆڕێکی تر بکرێت، ئەوییش شۆڕشی زمانەوانی (درکپێکردن یەکەم، دووەم) بوو، کە جۆرج لیکاف و مارك جانسێن ڕابەرایەتیان دەکرد. لایەنی هاوبەشی هەردووکیان بنچینە فەلسەفییەکانی سەردەمی پێشووی خۆیانە لە پێوەندی لەگەڵ چییەتی درکپێکردن و پێوەندیی زمان مێشکدا. (قادر فەتاح ئەحمەد، ٢٠٢٢: ٣٣).

دواتر تێورە ئەرکییەکان لە بەرانبەر تیۆری بەرهەمهێنانی چۆمسکییدا خۆیان سەپاند، کە چۆمسکی هیچ گرنگییەکی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵگەدا نەدەدا.(مهاجر و نبوی، ١٣٩٣: ١٧). لە لایەکی ترەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە زمانناسی ئەرکی، یەك ڕێباز نییە، بەڵکو بەسەر چەندین لق و ڕێبازدا دابەشبووە، ئەگەرچی جیاوازی لە تێڕوانیان بۆ زمان هەیە و خاوەنی بیروبۆچوونێکی جێگر نین، بەڵام دەکرێت هەموویان لە خاڵیکدا کۆبکرێنەوە، ئەویش ئەوەیە کە وای بۆ دەچن ((پەیڕەوی زمان لە ژێر کاریگەری ئەو ئەرکانەدایە کە دەیبینێت. واتە ئەرکەکان بۆتەی ڕێزمانی دادەڕێژن، نەك بە پێچەوانەوە، هەروەك چۆن هەموو ئامێرێك بەپێی ئەو ئەرکەی دەیبینێت شێوەی دەدەرێت)). (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی،٢٠٠٨: ١٣). هاڵیدای و مەتیسن لەسەر ئەو باوەڕەن کە زمان پەیوەست بە ژینگەی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە دوو ڕۆڵ لە ئەستۆدەگرێت، ڕۆڵی یەکەم ئەوەیە ئەزموون بکات بە واتا، دووەمین ڕۆڵیش بریتییە لە هێنانەکایەوە و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانە. ئەوان پێیان وایە لە ڕۆڵی یەکەمدا زمان ئەزموونی مرۆڤ ڕاڤەدەکات، هەر لەبەر ئەمەیشە کە هیچ لایەك لە ئەزمونی مرۆڤ نییە، بە واتا گوزارشتی لێنەکرێت و نەخرێتەوە چوارچێوەی واتاوە. لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئەم تیۆرە لە تیۆرە زمانناسییەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە زمان بژاردەیە لە بەردەم قسەکەردا و قسەکەر بۆ گواستنەوەی واتا و دروستکردنی پەیوەندی لە کۆمەڵگەدا سود لە زمان وەردەگرێت. لە لایەکی تریشەوە هاڵیدای واتا و بەکارهێنان بە دوو دوانەی تەواوکەری زمان دادەنێت و لەسەر هەمان بنەما شیکردنەوە بۆ زمان دەکات، سەربارى ئەمەیش لەسەر ڕۆڵی زمان ڕادەوەسێت و بە بنەمایەکی گرنگی دەزانێت. (سرور سعدالله صالح، ١٣٩٨: ٢١). لێرەوە دەکرێت پەنجە بۆ ئەو ڕاستییە درێژبکەین، لەم تیۆرەدا واتا و ڕۆڵ یەکسانن. لە لایەکی ترەوە زمان وێڕای ئەوەی کە ڕاڤەکارە، لە هەمان کاتیشدا جێبەجێکەریشە و پەیوەندییە کەسی و کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ دەوروبەردا دەخاتە بواری پرۆسەی جێبەجێکردنەوە. (ابراهیم فلاح، سجاد شفیع پور،١٣٩٨: ٢٠٩).

**دووەم: میتائەرك و جۆرەکانی:**

هاڵیدای پێرەوی هەر زمانێك پەیوەست دەکات بە واتا و بەکارهێنانەوە، کە ناویان لێدەنێت میتائەرك و ڕای وایە کە بە شێوەیەکی سروشتی هەموو زمانێك لە خزمەت واتایە و واتایش پەیوەستە بە بەکارهێنانییەوە. دەکرێت

ئەو ڕاستییەش بخرێتە بەردەست کە زمان کاتێك زیندووە هەڵگر و سازکەری واتا و بەکارهێنان بێت، واتە هەر کات زمانێك لە واتا و بەرکاهێنان کەوت، ئەو زمانە بێبرست و بێتوانایە و دەچێتە خانەی زمانە مردووەکانەوە. لە ڕێزمانی پێرەوبەندییدا باوەڕ وایە،کە ((زمان میتائەرکیانە ڕێکخراوە))، لەم ڕوانگەوە تێورەکە پێی وایە، هەر زمانێك سێ پێکهاتەی میتائەرکییانەی هەیە بۆ دروستکردنی واتا، کە لە هەر میتائەرکێکدا هەر سێ چینەکەی زمان (ڕێزمان فەرهەنگ، سیمانتیك و فۆنۆلۆژی) ڕۆڵدەبینن لە دروستکردنی و دەربڕینی واتای زمانیدا). (هاژە چیچۆ محمد امین، ٢٠١٥: ٤). هاڵیدای لەسەر بنەمای ئەرك و واتا سێ جۆر میتائەرکی دیاریکردووە، کە ئەمانەن:

١- میتائەرکی ئەزمونی: ((لێرەدا زمان لە خزمەتی خستنەڕوی ناوەڕۆك دایە)). (ابوالفضل حری، ١٣٩٨ : ٧١). مەبەست لە ناوەڕۆك ئەو دیاردە و ڕووداوانەیە کە لە هزر و ئەندێشەی قسەکەردا جێکەوتووە . یاخود ئەو پەیڕەوە واتاییە کە ئەزموون و ئەندێشەی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەوربەردا پێکەوە دەبەستێتەوە و وا لە مرۆڤ دەکات گوزارشت لە جیهانی دەوربەر و ئەزموونی خۆی بکات.

٢- میتائەرکی کەسی: بە باوەڕی هاڵیدای و مەتیسن لە کاتی بەکارهێنانی زماندا هەمیشە، شتێکی گرنگ ڕوودەدات، ئەوەیش گفتوگۆ و مامەڵەکردنە. واتە هەمیشە لەسەر بنەمای ئەزموونە کۆمەڵایەتی و کەسییەکانمان پەیوەندی دروستدەکەین، ئیدی لێرەوە میتائەرکی کەسی دروستدەبێت.(علایی و همکاران، ١٣٩٨).

٣- میتائەرکی تێکستی: پەیوەندیدەر و گەیەنەری هەردوو میتائەرکی ( ئەزمونی و کەسی)یە.(گل زادە، ١٣٩٤ : ٨٨). لەگەڵ ئەوەیشدا دەتوانرێت بگوترێت، میتائەرکی تێکستی بەکارهێنانی زمانە بۆ بەرهەمهێنانی دەقی نووسراو و نەنوسراو. (سەرچاوەی پێشوو، ١٣٩٨: ٧٤). ئەم میتائەرکە واتای هەردوو میتائەرکی پێشوو لە کۆنتێکسدا پێکەوەگرێت دەدات و ڕێگەخۆشکەریشە بۆ قسەکەری زمان، تاوەکو کۆمەڵێك ڕستە پێکەوە ڕیزبکات و لە شێوەی دەق دەریانبڕێت.

**سێیەم: میتائەرکی ئەزمونی:**

وەکو پێشتر خستەمانەڕوو میتائەرکی ئەزمونی دەرخەری و خستنەڕووی ئەزموونی مرۆڤە لە جیهانی دەرەوە و ناوەوە. مرۆڤ لە ڕێگەی کردەکانەوە ئەندێشە و ئەزمون و هەست و ڕووداوەکانی ژیانی دەگێڕێتەوە و گوزارشتی لێدەکات. بە واتایەکی ترلە ڕێگەی ئەم میتائەرکەوە نووسەر، یان قسەکەر ئەزموون و دنیابینینی خۆی دەخاتەڕوو. لە تێوری ئەرکی هاڵیدایدا ڕستە لە سێ توخم پێکدێت، کە بریتین لە:

١-خودی کردە کە لە چوارچێوەی گرێی کرداریدا دەنوێندرێت. لە ڕاستیدا کردە چاودێرە بەسەر ڕووداو، حاڵەتی هەستی، گوتار و بوونەوە.

٢-بەشداربووان: لە چێوارچێوەی گرێی ناویدا دەنوێندرێت. هەر کردەیەکیش بەشداربووی خۆی هەیە.

٣-توخمەکانی دەوربەر: ئەو بارەیە کە کردەکەی تێدا ڕوودەدات و لە چوارچێوەی گرێی کرداری و سەرباردا دەخرێنەڕوو.). (مهاجر و نبوی، ١٣٧٦: ٣٩-٤٠). کردەکان لە ڕووی واتاوە بۆ سەر شەش دەستە پۆلێندەکرێن، بە پێی گونجاندنی واتا هەر کردەیەك بەشداربووی خۆ هەیە کردەکان بریتین لە ( مادی، پەیپێبردن، پێوەنداری، ڕەوشتکاری، گەیاندن و بوون) ، کردەکانی ( مادی، پەیپێبردن، پێوەنداری) کردەی سەرەکین و هەرچی کردەی ( گەیاندن، ڕەوشتکاری ، بوون) هەیە بە کردەی ناسەرەکی هەژماردەکرێن. (هەمان سەرچاوە، ١٣٧٦ : ٣٩-٤٠).

**کردە و جۆرەکانی:**

١-کردەی مادی: کردەیەکە ئەوە دەردەبڕێت کە کەسێك کارێك ئەنجامدەدات، لەوانەیە لە خۆی تێپەڕیکات و کاربکاتە سەر شتێك، یان کەسێك. لە کردەی فیزیکیدا شتێکی فیزیکی لەبەرچاودەگیرێت، یان ڕوودەدات.(ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، ٢٠٠٨، ٦٠). لە کردەی مادیدا جگە لە کردە دوو بەشدار هەیە، ئەوانیش ( بەرپرس و کارتێکراو)ن، وەك لەم نمونەیەدا ڕوونکراوەتەوە:




جگە لە کاری (تێپەڕ)، هەندێك جار کاری (تێنەپەڕ)، لەم کردەیەدا بەشدار دەبێت، وەك:




٢-کردەی پێوەنداری: ئەو کردانە دەگرێتەوە پەیوەستن کە بە وەسفکردن، یان ناساندنەوە. پەیوەندی نێوان دوو شت، یان دوو دیاردە لە ڕێگەی کرداری (بوون)ەوە، لەم کردەیەدا دەخرێتەڕوو. (سهیلا فرهنگی، شکیلا کشاورز، ١٣٩٥: ٤٨). لەم کردەیەدا دوو بەشداربوو هەیە، ئەوانیش( بنە و بار)ن. وەك:

هێمن شاعیرێکی نەتەوەیی بوو.




٣-کردەی هزری: ئەو کردانە دەگرێتەوە کە لە پەیوەستن بە کرداری هەستکردنەوە، وەکو (بیرکردنەوە، خۆشویستن، وتناکردن، بینین و ویستن). لەم کردەیەدا دوو بەشداربوو هەیە، ئەوانیش (هەستیار و دیاردەیە) (براهیم فلاح، سجاد شفیع پور، ١٣٩٨: ٢١١)، وەك:




٤-کردەی ڕەوشتکاری: ئەم کردەیە پەیوەستە بە کردە دەروونی و فیزیکییەکانەوە، وەکو (کۆکین، پێکەنین، ترسان، لەهۆچوون، گریان، توڕەبوون و ڕشانەوە هتد...)، ئەم کردەیە یەك بەشداربووی هەیە، ئەویش (ڕەوشتکەرە) (هەمان سەرچاوە، ١٣٩٨: ٢١١). ئەم کردەیە بەدەر لە دەسەڵاتی مرۆڤە، واتە لە ڕوودان، یان ڕوونەدانی، مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی تێدا نییە وەك:



٥-کردەی گەیاندن: (ئەو کردانەن کە نامەیەك لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر دەگەیەنن بەهۆی کرداری: گوتی، نەڕاندی، قیژاندنی .. هتد.).(ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی،٢٠٠٨،ل: ٧٤). ئەم کردەیە سێ هاوبەشی لەگەڵدایە، ئەمانەن:( قسەکەر، قسەبۆکراو، قسەلەسەرکراو). لەم نمونەیەدا کردەی گەیاندن ڕووندەکەینەوە:




٦-کردەی بوون: ئەو کردەیەن کە بوونی شتێك دەگەیەنن، لە زمانی کوردیدا بە کرداری (هەبوون) دەردەبڕدرێت. لەگەڵ ئەم کردەیەدا تەنها یەك هاوبەش پێویستە، ئەویش ئەو کەسە، یان ئەو شتەیە، کە بوونی هەیە و پێدەگوترێت (ئارا) وەکو لەم نمونەیەدا ڕوونکراوەتەوە:



(ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی ٢٠٠٨: ٧٦)

دوابەدوای ناساندنی کردە و جۆرەکانی، ئەنوکە دەتوانین کردە و جۆرەکانی لەم خشتەیەدا کۆبکەینەوە:

| کردە | بەشداربوو |
|---|---|
| مادی | بەرپرس - کارتێکراو |
| پێوەندداری | بار - بەنە |
| پەیپێبردن | هەستپێکەر - دیاردە |
| ڕەوشکاری | ڕەوشتکار |
| گەیاندن | قسەکەر- قسەبۆکراو- قسەلەسەرکراو |
| بوون | ئارا |

**بەشی دووەم: شیکردنەوە و بەراودکردنی دەقە شیعریەکان:**

**یەکەم: شیکردنەوەی دەقە شیعری ( حەوت پەرەسێلکەی ئێوارەیەکی کەرکوك!):**

لە بەشی یەکەمدا باسمان لە ڕێبازی ئەرکی هاڵیدای کرد و بنەما تێوریەکەیمان خستەڕوو، دواتر ئاماژەمان بەوە کرد کە ئەم قوتابخانەیە ئەرك و ڕۆڵ بە دوو دووانەی گرنگی زمان دەزانێت. ئەوەیش خرایە ڕوو کە ڕێزمانی پەیڕەوبەندی ئەرکی لەسەر بنەمای واتا و بەکارهێنان دامەزراوە و بە لێکدانی هەر سێ چینەکەی زمان (ڕێزمان و فەرهەنگ، سیمانتیك، فۆنۆلۆجی) واتا بەرهەمدەهێندرێت، بەم واتایە دەگوترێت میتائەرك. لەم بەشەدا دەقە شیعری ( حەوت پەرەسێلکەی ئێوارەیەکی کەرکوك!)ی (شێرکۆ بێکەس) بە پێی میتائەرکی ئەزمونی دەخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و تەواوی کردەکان دیاری دەکەین و پۆلێنکاری بۆ کردەکان دەکەین، کە شاعیر لە ڕێگەیانەوە گوزارشتی لە ئەزموون و جیهانبینی خۆی پێکردووە و سەرکەتووانە هەردوو جیهانی ناوەوە و دەرەوەی پێبەستووەتەوە.

**خوێندنەوەی دەقە شیعرەکە:**

لە هەنگاوی یەکەمدا ژمارە بۆ ئەو کردانە دادەنێن کە پێکهێنەری شیعرەکەن، لە هەنگاوی دواتردا لە خشتەیەکدا جۆری کردەکانیان دیاری دەکەین و شیکاری پێویستیشیان بۆ دەکەین:

١- ویستم ببم بە ڕووبارێ٢- بەڵام نەبووم ٣- هەتا باران ڕۆحی خۆی دامێ ٤- ویستم ببم بە باڵدارێ ٥- بەڵام نەبووم ٦- هەتا ئاسمان باڵی شینی خۆی نەدامێ. ٧- ویستم ببم بە نزارێ ٨- بەڵام نەبووم ٩- هەتا درەخت دڵی سرکی خۆی نەدامێ. ١٠- لە دواییشدا ویستم ببم بە عاشقێ بەناوبانگتر لە گشت عاشقانی دنیا. ١١- بەڵام نەبووم ١٢- هەتا "کەرکووك" چاوی ڕەشی خۆی نەدامێ! ١٣- شیعری دەگمەن ئەڵێی ئەستێرەی سیوەیلە ١٤- درەنگ درەنگ دەرئەکەوێ ١٥-بەڵام ئەو وەختەی کە دەرکەوت هەر یەك جاری سیحر و عیشوەی یەك هاتنی بە قەد دەیان دەرکەونی شیعری ترە! ١٦- دوێنێ شەوێ تۆزێ لەملای " حەویجە "وە گورگێکی ڕاستەقینەم دی ١٧- وتی ئیتر بەرژوەندیی ڕانەمەڕی لەڕوو برسی ئەم وڵاتە وا ئەخوازێ لە ئێستەوە منیش بۆ خۆم وەك ئادەمیی ببمە ئیسلامی! ١٨- لەسەر بەفر شوێن پێی مامزێکم هەڵگرت ١٩- هەر بۆ ئەوەی تاقە شەوێ ببمە میوانی بارزنی و ٢٠-گوێ لە خۆشەویستی بگرم. ٢١- هەر بۆ ئەوەی خەمانی بلاوێنمەوە و ٢٢- خەونی بگرمە باوەشم. ٢٣- بەڵام شوێن پێ لە شوێنکدا کوژایەوە و ٢٤- ئەڵقە داوێکی خوێناوی وتی: ئێرە پێدەشتی ئەملای کەرکووکە ٢٥- بەڵام درەنگ درەنگ هاتی و ٢٦- فریای ئاسکت نەکەوتی! ٢٧- ئەو شەوە من خەیاڵم باریك کردەوە باریك.. باریك. ٢٨- هەتاوەکو کردم بە دەرزیی. ٢٩- دەرزییم هانی و ٣٠- دەزووی ڕەشی کارەساتم پێوەکرد و ٣١- کەوتمە دوورینەوەی برین. ٣٢- تەقەڵێك و دووان وسیان و وەختێ گەیشتمە سەر کەرکووك ٣٣ - دەمی برین هێندە گەورەبوو ٣٤- تەقەڵ نەیتوانی بازبدا و ٣٥- دەزوو پچڕا ٣٦- دەرزیی کەوتە ناو خەرەندی ئارەزووە و ٣٧- چەند بۆی گەڕام ٣٨- ئێستا و ئەوسایش نەمدۆزیوە! ٣٩- وەختێ کە چووین بۆ لای کەرکووك هەرسێکمان بووین ٤٠- دهۆك و هەولێر و سلەیمانی بە پاسێکی زەرد و سەوزی فیدرالیی چووین. ٤١- ئەو ڕۆژانە، لە شەوێکی قەراغ شاردا لەگەڵ خێڵی ئوسامەدا کەرکووك دەستێکی شکابوو ٤٢- تا ئەو ساتەیش لە گەجدا بوو.٤٣- کە بینیمان لە ژوورێکی تەنگەنەفەسی قوڕینی دووبەسێدا و لەناو پێخەفێکی شڕ و لەسەر چرپایەکی شکاو لێی کەوتبوو ٤٤- لە م سەرەوە هەریەکەمان لەگەڵ خۆیدا دیارییەکی بۆ بردبوو: دهۆك دوو زەمیلە پەیڤی ڕەنگاوڕەنگی فۆلکۆری و ٤٥- هەولێر تابلۆی دڵی خۆی و دوو سێ گۆڕەبان بەڵێن و پڕ بە قەڵایەك حەیران ٤٦- سلێمانیش لەگەڵ خۆیدا: وێنەیەکی گەورەی قودس و تازەترین نوکتەی تەڕی شاخی گوێژەو دوو فشەفشی موعەلەبی بۆ بردبوو! (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: ٣٧-٤٠).

**خشتەی جیاکردنەوەی کردە و جۆرەکانی:**

لە دوای خستنەڕووی دەقە شیعرییەکە، پاشان کردە و جۆرەکانی کردە بە پێی میتائەرکی ئەزمونی قوتابخانەی ئەرکی هالیدای دیاریدەکەین.

| ژمارەی کردە | جۆری کردە | ژمارەی کردە | جۆری کردە | ژمارە کردە | جۆری کردە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پەیپێبردن | 17 | پەیپێبردن | 33 | پێوەنداری |
| ٢ | پێوەنداری | 18 | مادی | 34 | مادی |
| ٣ | مادی | 19 | مادی | 35 | مادی |
| ٤ | پەیپێبردن | 20 | مادی | 36 | مادی |
| ٥ | پێوەنداری | 21 | مادی | 37 | مادی |
| ٦ | مادی | 22 | مادی | 38 | مادی |
| ٧ | پەیپێبردن | 23 | مادی | 39 | مادی |
| ٨ | پێوەنداری | 24 | گەیاندن | 40 | مادی |
| ٩ | مادی | 25 | مادی | 41 | مادی |
| ١٠ | پەیپێبردن | 26 | مادی | 42 | پێوەنداری |
| ١١ | پێوەنداری | 27 | پەیپێبردن | 43 | مادی |
| ١٢ | مادی | 28 | مادی | 44 | مادی |
| ١٣ | پێوەنداری | 29 | مادی | 45 | مادی |
| ١٤ | مادی | 30 | مادی | 46 | مادی |
| ١٥ | مادی | 31 | مادی | | |
| 16 | پەیپێبردن | 32 | مادی | | |

**شیکردنەوەی کردەکان:**

لێرەدا چۆنییەتی بەکارهێنانیانی کردەکان دەخەینەڕوو، پاشان ئاماژە بە و کردەکانە دەکەین کە شاعیر لە ڕێگەیەوە ئەزموون و جیهانبینی خۆی پێدەربڕیوە. لەسەر بنەمای خشتەکەی سەرەوە، کردەی مادەی زۆرترین بەکارهێنانی لە شیعرەکەدا هەیە، لە کۆی (٤٦) کردەدا، (٣٠) کردە تایبەتە بەم کردە. شاعیر لە ڕیگەی بەکارهێنانی ئەم کردەوە لەسەر بوونی بەرپرس جەختدەکاتەوە، وەکو ئەوەی پێشتر خستەمانەڕوو بەشداربوونی سەرەکی ئەم کردەیە بەرپرسە. ڕوونە کە یەك لەدواهاتنی ئەم کردەیە سەلمێنەری ئامادەیی بەرپرسە لە نێو دەقەکەدا و لەلایەنی تریشەوە زیاد سودوەرگرتن کردەی مادی، ئەوە پیشاندەدات کە شاعیر لەسەر ڕوودانی کارێك جەختدەکاتەوە و دەیەوێت گوزارشت لە ئەزموونی شاعیرانەی خۆی بکات، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم جۆرە کردەیە، ئامرازێکە بۆ گەیاندنی پەیامی و ناوەڕۆکی دەقەکە بە خوێنەر. لە کردەی مادیدا زۆر جار بەرپرس لە بەندا ئامادەیی نییە، ئەمە کاتێك ڕوودەدات کە شاعیر بە ئەنقەست و بەمەبەستی ڕەونەقدانی زیاتر بە دەقەکە بەرپرسەکان لادەدات. کردەی (٢٣)، (بەڵام شوێن پێ لە شوێنکدا

کوژایەوە) و کردەی (٣٥)، (دەزوو پچڕا)، کردەکانیان کردەی مادین، چونکە جوڵەیەکی فیزیکیان تێدایە، بەڵام جوڵەبەخشەکەیان کە بەرپرسە لادراوە. لە دوای کردەی مادی، زۆرین کردە کە شاعیر بەکارهێنانی هێناوە کردەی پەیپێبردن، بە جۆرێك لە کۆی (٤٦) کردە، شاعیر (٨) جار سودی لەم کردەیە وەرگرتووە. پێشتر وتمان ئەم کردە لە ڕێگەی کردەکانی هەستکردن وەکو (بیرکردنەوە، خۆشەویستی، ویستن و هتد) دەنوێندرێت.

بەکارهێنانی ڕێژەیەکی بەرچاو لە کردەی پەیپێبردن بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شاعیر هەستیارە و دەیەوێت بوونی دیاردەیەك ئاشکرابکات. دەتوانرێت ئەوەش بگوترێت، بەکارهێنانی کردەی پەیپێبردن بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر بوونگەرابوونی شاعیر، چونکە ئەم کردەیە بە گەڕانەوە بۆ ناوەوەی مرۆڤ کە لە بوون و جیهانی ناوە بەدیدێت. (مهدی آذر حزین، فریشتە میلادی، ٢٢:١٣٩٨). ڕوونە کە شاعیر چەند جارێك بۆ سەلماندنی ئەم کردەیە، سودی لە چاووگی (ویستن) وەرگرتووە، کە لە کردەکانی (١، ٤، ٧) دا هاتووە.

لەلایەکی ترەوە لە دوای بەکارهێنانی کردەی پەیپێبردن، کردەی پێوەنداری زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە، بەجۆرێك کە لە کۆی (٤٦) کردەدا، (٧) کردەیان، پێوەندارییە. لە زمانی کوردیدا کردەی پێوەنداری، لە ڕێگەی چاووگی (بوون)ەوە دەردەخرێت بوونی ئەم کردەیە لە دەقەدا دەرخەری ئاشکراکردن و وەسفکردنی بارودۆخ و کەشی دەقەکەیە. شاعیریش زۆر سەرکەوتووانە بەهرەی لە بەکارهێنانی ئەم کردە وەرگرتووە و توانیوێتی لە ڕێگەی چاووگی (بوون) وە، پەیوەندارێی نێوان دوو شت، یان دوو دیاردە بخاتە بەرچاو. ڕوونە کە لە زمانی کوردیدا کردەی پێوەنداری، لە ڕێگەی چاووگی (بوون)ەوە دەردەخرێت. هەرچی کردەی (گەیاندن) هەیە، کەمترین بەکارهێنانی لە دەقەکەدا هەیە، شاعیر (١) جار سودی لەم کردەیە وەرگرتووە، وەکو ئەوەی لە کردەی (٢٤) دا هاتووە و شاعیر دەڵێت: (ئەڵقە داوێکی خوێناوی وتی: ئێرە پێدەشتی ئەملای کەرکووکە). لێرەدا شاعیر لادانی کردووە و سیفاتی گوتنی داوە بە (ئەڵقەدار) و کردوێتی بە (قسەکەر). لە بەشی تیۆریدا گوتمان لە کردەی (گەیاندن) سێ بەشداربوو هەیە، بەڵام لێرەدا تەنیا دوو بەشداربوو ئامادەن و بەشداربوونی سێیەم کە (قسەلەسەرکراو)ە، نائامادەیە، ئەمەیش بۆ وردبینی و زیرەکی شاعیر دەگەڕێتەوە و لایەنێکی ئەدەبی و جوانتری بە دەقەکە داوە.

ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە شاعیر بە هیچ جۆرێك سودی لە کردەی ( ڕەوشتکاری، بوون) وەرنەگرتووە. بە واتایەکی تر ئەو کردانەی کە ڕەفتار دەنوێنن لە دەقەدا نائامادەیە، ئەمەیش نیشاندەری ئەوەیە کە (شێرکۆ بێکەس) لە دەقەدا وەکو شاعیرێکی ڕەفتارگەرا خۆی نانوێنێت، بەڵکو زیاتر شاعیرێکە بە دوای دروستکردنی ڕووداو، یان گێڕانەوەی ڕووداوەوەیە. وەکو پیشتر گوتمان، کردە ڕەفتارییەکان، ئەو کردانەن کە بەدەرن لە دەسەڵات و توانای مرۆڤ، هەر بۆیە شاعیر نەکەوتە ژێرباری ئەم جۆرە کردانەوە. بە هەمان شێوە، شوێنی کردەی (بوون)یش لە دەقەکەدا دەکاتە ڕێژەی سفر، چونکە شاعیر بوونی هیچ دیارەیەك، یان شتێکی لە دەقەدا نەسەلماندووە.

**دووەم: شیکارکردنی دەقە شیعری (با تو تا آخرین دنیا خواهم آمد) ی (سەید عەلی ساڵەحی):**

**خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکە:** هاوشێوەی دەقی یەکەم، لەم بەشەدا دەقە شیعری (با تو تا آخرین دنیا خواهم آمد) ی سەید عەلی ساڵەحی بە پێی ئەوپەڕیئەرکی ئەزمونی دەخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و تەواوی ئەو کردانە پۆلێن و شیکاردەکەین کە شاعیر لە ڕێگەیانەوە گوزارشتی لە ئەزموون و جیهانبینی خۆی پێکردووە و سەرکەتووانە هەردوو جیهانی ناوەوە و دەرەوەی پێبەستووەتەوە.

١- می ترسم، ٢- مضطربم و ٣- با آن که می ترسم و ٤- باز با تو تا آخر دنیا هستم ٥- می آیم کنار گفتوگوی سادە ٦- تمام رویاهایت را بیدار می کنم ٧- و آهسته زیر لب می گویم ٨- برایت آب اوردم ٩- تشنه نیستی؟ ١٠- فردا به احتمال قوی باران خواهد آمد. ١١- تو پیش بینی کرده بوی که باد نمی آید١٢- با این همه .... دیروز پی صدائی ساده که گفته بود ١٣- بیا ١٤- رفتم، ١٥- تمام راز سفر فقط خواب یک ستاره بود! ١٦- خسته ام ری را! ١٧- می آیی همسفرم شوی؟ ١٨- گفتوگوی میان راه بهتر از تماشای باران است ١٩- توی راه خواب هامان را برای بابونه های دور تعریف می کنیم ٢٠- باران هم که بیاید ٢١- هی خیس از خنه های دور از آدمی می خندیم ٢٢- بعدهم به راهی می رویم ٢٣- که سهم ترانه و تبسم است ٢٤- مشکلی پیش نمی آید ٢٥- کاری به کار ما نداری ری را ٢٦- نه کرم شبتاب و ٢٧- نه کژم زرد. ٢٨- وقتی دستمان به آسمان برسد ٢٩- وقتی که بر آن بلندی بنفش بنشینیم٣٠- دیگر دست کسی هم به ما نخواهد ٣١- می نشینیم ٣٢- برای خودمان قصه می گوئیم ٣٣- تا کبوتران کوهی از دامنه‌ی رویاها به لانه برگردی ٣٥- غروب است ٣٦- با آن که می ترسم ٣٧- با آن که سخت مضطربم ٣٨- باز با تا آخرین دنیا خواهم آمد.(سەید عەلی صالحی، ١٣٧٥: ١٨-٢١).

خشتەی جیاکردنەوەی کردە و جۆرەکانی:

لە دوای خستنەڕووی دەقە شیعرییەکە و دانانی ژمارە بۆ کردەکان، پاشان جۆرەکانی کردە بە پێی میتائەرکی ئەزمونی تیۆری ئەرکی هالیدای دیاریدەکەین، وەکو لە خشتەکەدا نیشاندراوە.

| ژمارەی کردە | جۆری کردە | ژمارەی کردە | جۆری کردە | ژمارە کردە | جۆری کردە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕەوشتکاری | ٣ | ڕەوشتکاری | ٥ | مادی |
| ٢ | پێوەنداری | ٤ | پێوەنداری | ٦ | مادی |

| ژمارەی کردە | جۆری کردە | ژمارەی کردە | جۆری کردە | ژمارەی کردە | جۆری کردە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | گەیاندن | ١٩ | مادی | ٣١ | مادی |
| ٨ | مادی | ٢٠ | مادی | ٣٢ | گەیاندن |
| ٩ | پێوەنداری | ٢١ | ڕەوشتکاری | ٣٣ | مادی |
| ١٠ | مادی | ٢٢ | مادی | ٣٤ | پێوەنداری |
| ١١ | پەیپێبردن | ٢٣ | پێوەنداری | ٣٥ | پەیپێبردن |
| ١٢ | گەیاندن | ٢٤ | پەیپێبردن | ٣٦ | ڕەوشتکاری |
| ١٣ | مادی | ٢٥ | مادی | ٣٧ | مادی |
| ١٤ | مادی | ٢٦ | مادی | ٣٨ | مادی |
| ١٥ | پێوەنداری | ٢٧ | مادی | | |
| ١٦ | پەیپێبردن | ٢٨ | مادی | | |
| ١٧ | مادی | ٢٩ | مادی | | |
| ١٨ | پێوەنداری | ٣٠ | مادی | | |

**شیکردنەوەی کردەکان:**

دوای جیاکردنەوەی کردەکان، ئێستا ڕێژەی بەکارهێنانی کردەکان دەخەینەڕوو، پاشان ئاماژە بە کردەکان دەکەین کە شاعیر لە ڕێگەیەوە ئەزموون و جیهانبینی خۆی پێدەربڕیوە.

لەسەر بنەمای خشتەکەی سەرەوە، هاوشێوەی دەقی یەکەم کردەی مادەی زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، لە کۆی (٣٨) کردەدا، (٢٠) کردە تایبەتە بەم کردە. وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد کردە مادییەکان ئاماژە و دەلالەت لەسەر ئەنجامدانی کارێك دەکەنەوە. هەروەها کردە مادییەکان هۆکاری گەیاندنی مەبەست و بیری شاعیرن. دەکرێت ئەوەیش بگوترێت کە کردە مادییەکان، کردەی واتادارن و هەڵگری ئەرکن و ڕووداویان تێدایە و لایەنێکی کرداری و جوڵەیەکی زیاتر بە دەقەکە دەدەن. بۆ نمونە کردەکانی (٤، ٦) جوڵە و هەناسەیەکی وەستاویان بە دەقەکە داوە، ڕێگەیان بۆ شاعیر خۆشکردووە، کە کردەی تر و ڕووداوی تر بەرهەمبهێنێت.

پێشتر ئەوە خرایە ڕوو کە لە کردەی مادیدا، باشترە کردارەکان بکەردیار بن، چونکە لە کاتی نەهاتنی (بکەر)دا، کە لە ڕێبازی ڕێزمانی پێڕەوبەندی هالیدایدا، بە ( بەرپرس) هاتووە. ئەگەر بە وردی لە دەقەکە ڕابمێنین، ڕووندەبێتەوە کە شاعیر بە هیچ جۆرێك سودی لە کرداری بکەرنادیار وەرنەگرتووە، چونکە لە کردە مادییەکاندا باشترە کردارەکان بکەرنادیار بن، چونکە تا دەقەکە ڕووبەڕووی لێڵی نەبێتەوە و خوێنەر ئاگاداری فەزای دەقەکە بێت.(خدیجه سید رمضان، فاطمه پور مسجدیان، ١٣٩٩:١٣٢٦).


دوای کردەی مادی، کردەی پێوەنداری زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، لە کۆی (٣٨) کردە، شاعیر (٧) جار کردەی پێوەنداری بەکارهێناوە، هۆکارەکەشی بۆ دەگەڕێتەوە شاعیر بوونی دیاردەیەکی ڕاگەیاندووە. کردەی (پێوەنداری) لە زمانی فارسیدا بە هۆی چاووگی (بودن، شدن)ەوە دەردەبڕدرێت، وەکو لە کردەکانی (١٥، ١٨، ٣٥)دا هاتووە. دەکرێت ئاماژە بەوەش بکەین کە لە زمانی فارسیدا و بەتایبەت لە دەقی شیعریدا، زۆر جار دوچاری کردەی قرتاندن دەبێتەوە، وەکو لە کردەی (٢) دا هاتووە: (مضطربم)، کە شێوە فەرمییەکەی بەم جۆرەیە (مضطرب هستم)، واتا (نیگەرانم). لە دوای کردەی پێوەنداری، کردەی پەیپێبردن زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە، بە جۆرێك کە لە کۆی

(٣٨)کردەدا، (٤) جار بەکارهاتووە، ئەمەیش دەرخەری ئەوەیە کە شاعیر جگە لە کردەی مادی کە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، زیرەکانە سودی لە کردەی پەیپێبردن وەرگرتووە و داهێنەرانە بوونگەرانبوونی خۆی سەلماندووە. دوای کردەی پەیپێبردن. هەرچی کردەی ڕەوشتکاریش هەیە، لە کۆی (٣٨) کردە، شاعیر (٤) جار کەڵکی لێوەرگرتووە، دیارە ئەم کەڵکوەرگرتنەش بەدەر لە دەسەڵات و توانای مرۆڤ، هەر بۆیە شاعیر بەبێ خواستی خۆی کەوتووەتە ژێرباری ئەم جۆرە کردەیەوە، لێرە بەرۆشنی ڕەفتاری شاعیر لە دەقەدا دەرکەتووە کە لە شێوەی چاووگی (ترسیدن، پێکەنین)، واتە (ترسان، پێکەنین) لە بەندەکانی ( ١، ٣،٢١، ٣٦) دا، دەربڕیوە. لە لایەکی ترەوە شاعیر کەمترین سودی لە کردەی گەیاندن وەرگرتووە، بە جۆرێك لە کۆی (٣٨) کردە، تەنیا (٣) جار لەم کردە بەهرەی بردووە. ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە شاعیر لە ڕێگەی ئەم کردەوە دەیەوێت دەقەکە فراوان بکات و فەزایەکی هونەریتر بە دەقەکەدا بدات. ئەوەی جێ تێڕامانە ئەوەیە، شاعیر بە هیچ جۆرێك کەڵکی لە کردەی (بوون) وەرنەگرتووە،

هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە شاعیر زیاتر پەرۆشی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بەرهەهێنانی ڕووداوەکاندا بووە، نەك ئەوەی کە بیەوێت بوونی دیارەیەك، یان شتێك بسەلمێنێت.


**سێیەم: بەراوکردنی دەقە شیعرییەکان:**

دوای ئەوەی کە کردەکانی هەر دوو دەقی ناوبراو بە پێی تێوری ڕێزمانی پێرەوبەندی ئەرکی هالیدای لە دوو خشتەدا خرایەڕوو، پاشان جۆری کردەکان پۆلێنکراون و هۆکاری بەکارهێنانیان لای هەردوو شاعیر نیشاندا. هەنووکە دەقەکان لە دوو خشتەی جیاوازدا دەخەینە ڕوو. خشتەی یەکەم پەیوەستە بە دەقی یەکەم( حەوت پەرەسێلکەی ئێوارەیەکی کەرکوك!)ی شێرکۆ بێکەسەوە، وەکو لە خشتەکەدا هاتووە، کردەی مادی زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە، کە بریتییە لە (١٢.٨%)، دوابەدوای کردەی مادی، کردەکانی (پەیپێبردن، پێوەنداری)، بەراود بە کردەکانی دیکە، بە ڕێژەیەکی بەچاوبەکارهاتوون. کردەی گەیاندنیش گەرچی بەرکاهاتووە، بەڵام کەمترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە دەقەکەدا هەبووە. هەرچی کردەکانی (ڕەوشتکاری، بوون)، تەنانەت یەکجاریش بەکارنەهاتوون.



خشتەی(١)، دەقی یەکەم(حەوت پەرەسێلکەی ئێوارەیەکی کەرکوك!)

خشتەی دووەم، پەیوەستە بە دەقی دووەم (با تو تا آخرین دنیا خواهم آمد) ی (سەید عەلی ساڵەحی)ەوە، هاوشێوەی دەقی یەکەم کردەی دەقەکەمان لە خشتەیەکدا نیشانداوە، بە جۆرێك کە کردەی مادی زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە، ئەمەش خاڵی هاوبەشی نێوان دەقەکان دەردەخات، کە بریتییە لە (٦.٧ %). هەروەها بەراود بە دەقی یەکەم کردەکانی (پێوەنداری، پەیپێبردن) ڕێژەی بەکارهێنانیان کەمترە، ئەم لایەنەش خاڵی جیاکاری دەقەکان دەردەخات. دیسان کردەی گەیاندنیش بەراود بە دەقی یەکەم تارادەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە، کە ڕێژەکەی زیاترە لە دەقی یەکەم. خاڵێکی تری جیاکاری نێوان دەقەکان خۆی لە کردەی ڕەوشتکاری دەبینێتەوە، لە دەقی یەکەمدا بەکارنەهاتووە، بەڵام لە دەقی دووەمدا بەکارهاتووە و ڕێژەی دەگاتە (١.٥٢%). کردەی بوونیش لە هەردوو دەقەکەدا بەکارنەهاتووە، کە دەگاتە ڕێژەی سفر.



خشتەی(٢)، دەقی دووەم (با تو تا آخرین دنیا خواهم آمد) ی ( سەید عەلی ساڵەحی).

## ئەنجام

١. ڕێزمانی پێرەوبەندی ئەرکی لەسەر سێ ئاستی واتایی بنیاتنراوە، کە هالیدای ئەو واتایانە بە میتائەرك ناودەبات. هالیدای، کە سەرمەشقی ئەم ڕێبازە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زمان پەیوەست بە ژینگەی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە دوو ڕۆڵ لە ئەستۆدەگرێت، ڕۆڵی یەکەم ئەوەیە ئەزموون بکات بە واتا، دووەمین ڕۆڵیش بریتییە لە هێنانەکایەوە و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانە. هەروەها پێی وایە لە ڕۆڵی یەکەمدا زمان ئەزموونی مرۆڤ ڕاڤەدەکات، هەر لەبەر ئەمەیشە کە هیچ لایەك لە ئەزمونی مرۆڤ نییە، بە واتا گوزارشتی لێنەکرێت و نەخرێتەوە چوارچێوەی واتاوە.

٢. هەردوو شاعیری ناوبراو (شێرکۆ بێکەس) و (سەید عەلی ساڵەحی) لە ڕێگەی بەکارهێنان و سودوەرگرتن لە میتائەرکی ئەزموونییەوە، زیرەکانە و سەرکەوتووانە زمانیان بۆ خستنەڕوو و گواستنەوەی ئەو دیاردە و ڕووداوانە بەکارهێناوە کە لە ئەندێشە و بیریاندا هەڵگیراوە. هەروەها شاعیران بە شێوەیەکی داهێنەرانە جیهانی ناوەوە و دەرەوەیان لە ڕێگەی زمانەوە بەستووەتەوە، تا لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە هەردوو جیهانەکە بکەن.

٣. کردەی مادی کردەیەکە ئەوە دەردەبڕێت کە کەسێك کارێك ئەنجامدەدات لەوانەیە لە خۆی تێپەڕبکات و کاربکاتە سەر شتێك، یان کەسێك. لە کردەی فیزیکیدا شتێکی فیزیکی لەبەرچاودەگیرێت، یان ڕوودەدات. لە کردەی مادیدا جگە لە کردە دوو بەشدار هەیە، ئەوانیش ( بەرپرس و کارتێکراو)ن. لە هەردوو دەقەکەدا کردەی مادی زۆرترین بەکارهێنانی هەبووە. شاعیران لە ڕیگەی کردەی مادییەوە جوڵە و هەناسەیەکی نەبڕاویان بە دەقەکە داوە، تاوەکو زیاتر خوێنەر بە لای خۆیان ڕابکێشن.

٤. شاعیران لە کردەی (پێوەنداری و پەیپێبردن، گەیاندن) سودیان وەرگرتووە، گەرچی جیاوازی لە ڕێژەی بەکارهێنانیادا هەیە. هەرچی کردەی (ڕەوشتکاری) هەیە، لە دەقی دووەمدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە، ئەمە لە کاتێکدایە، بوونی ئەم کردەیە لە دەقی یەکەمدا دەگاتە ڕێژەی سفر.

٥. شاعیران بە هیچ شێوەیەك سودیان لە كردەی (بوون) وەرنەگرتووە، چونكە لە دەقەكانیاندا نەیانویستووە بوونی شتێك، یان دیاردەیەك بسەلمێنن.


لیستی سەرچاوەكان:

كوردییەكان:

كتێب:

١. ساجدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠٠٩)، *ڕستە و پاش ڕستە*، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین

٢. شێركۆ بێكەس (٢٠٠٩)، *تەون*، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

**نامەی ئەكادیمی:**

٣. هاژە چیچۆ محمد (٢٠١٥)، *دارشتەی زمانی یاسایی لە زمانی كوردیدا*، نامەی ماستەر، زانكۆی سۆران.

**گۆڤار**

٤. قادر فەتاح ئەحمەد(٢٠٢٢)، شۆڕشەكانی مێژووی زمانەوانی، گۆڤاری زار و زمان، ژمارە (٣)، سلێمانی.

٥. فارسییەكان:

٦. كتاب نامە:

٧. سيد على صالحى (١٣٧٥)، نامەها، نشر دارینوش، تهران.

٨. فردوس آقا گل زادە (١٣٩٠)، تحليل گفتمان انتقادى، انتشارات علمى و فرهنگى، تهران.

٩. مهاجر و نبوى، (١٣٧٦)، به سوى زبان شناسى شعر رهيافتى نقش گرا، تهران.

**پایان نامه و پژوهش های علمی:**

١٠. ابراهيم فلاح، سجاد شفيع پور (١٣٩٨)، سبک شناسى گفتمانى خطبه نهج البلاغه از منظر فرانقش انديشگانى و بينافردى براساس رويكرد نظريه نقشگراى هليدى، جستارهاى زبانى، دو ماهانه علمى- پژوهشى، شماره (٦).

١١. ابوالفضل حرى (تابستان ١٣٨٩)، همبستگى سطوح روايت و فراكاركردهاى هليدى در داستان حسنک وزير، شماره دوازدهم.

١٢. سيهلا فرهنگى، شيرين كشاور (١٣٩٥ تابستان)، تحليل ساخت انديشگانى در اشعار مقدس پونه نيكوى و اسعد آبادى، فصل نامه پژوهش هاى ادبى و بلاغى، سال چهارم، شماره (١٥).

١٣. سرور سعدالله صالح (١٣٩٨)، فراكاركرد بينافردى در رمان هاى نفرين خاكسترى و حصار و سگ هاى پدرم، پايان نامه ارشد، دانشگاه كردستان.

١٤. خديجه سيد رمضان، فاطمه سيد مسجديان (تابستان ١٤٠٠)، دادنامه هاى حقوقى و كيفرى بر پايه فرانقش انديشگانى، فصل نامه علمى زبان، پژوهشى دانشگاه الزاهرا، سال سيزدهم.

١٥. مهدى آذر حزين، فرشته ميلادى (بهار و تابستان ١٣٩٨)، *مقايسه كاركردهاى بلاغى ندا بر اسرارالتوحيد و مقلات ژنده پيل بر* مبناى فرانقش انديشگانى، كهن نامه ادب پارسى، پژوهشگاه علوم انسانى و مطالعات فرهنگى، سال دهم، شماره اول.

١٦. مريم علايى و همكاران (تابستان ١٣٨٩)، بررسى تبادل معنا در كتاب هاى درسى علوم انسانى، در چارچوب دستور نظام مند نقشگراى هاليداى از منظر فراكاركرد بينافردى، فصل نامه پژوهشى زبان و ادبيات فارسى، شماره هفدهم.



## Abstract

The research entitled (meta functional experiment with Sherko Bekas and Said Ali Salihy). In this paper both poetical texts of seven evening martins of sherko Bekas and with you till the end of this world will remain of Said Ali Salihy. According to the functional and systematic grammar theory of Halliday the texts will be illustrate and analyse. The aim of the research is camparaing and analysing of poetical language of both poems and the results show that the poems followed the meta functional experiment successfully and both poems intellectually demonstrate their inner and outer world.

**الملخص:**

عنوان الدراسة هو (ميتا وظيفي تجريبي لدى شيركو بيكس وسيد على صالحى)، في هذه الدراسة النصين الشعريين" سبعة السنونو في مساء كركوك" لشيركو بيكس و "با تا آخرين دنيا خوام آمد" لسيد علي صالحي، على أساس قواعد النظرية المنهجية وظيفة هاليداي تٌعرض وتٌحلل. والهدف من هذه الدراسة تقابل وتحليل اللغة الشعرية لكلا الشاعرين المذكورين، نتيجة الدراسة المتوصلة إليها أن الشعراء كانوا متفوقين في اتباع ميتا وظيفية بنجاح وعبرا عنه بأمكانيه جيد مع توصيف عالمها الداخلي والخارجي.